# له رۆژی ڤالانتایندا کۆرەك تلیکۆم دڵی ئاشقانی لەت لەتکرد..!!!

دڵزار حەسەن

له 2005/2/14 ی هەموو ساڵێك " ڤالانتاین " دەبێتە ئەو رۆژەی که ئاشقان بێ پەردە و بێ هیچ چاودێرێکی ناوەوە و دەرەوەی خۆیان پڕ بە هەناسە و پڕ لە سۆزی خۆشەویستی جەستە و رۆح و دەروونیان تێکەڵ بەیەك دەکەن و لەوها رۆژێکیشدا ، هەردوو دڵ لە شەقەی باڵ دەدەن و لە ئاسمانی پاکیدا گۆرانی بۆ مەرگی جەلادەکانی شەڕ دەچڕن و نەفرەت لە دێوەزمەکانی بەردەم خۆشەویستی و جوانی دەکەن .

بەڵێ هەموو ساڵێك لە دونیادا "ڤالانتاین " دەبێتە رۆژێکی ئاوا کە هیچ دەروازەیەك بۆ ناشرین کردنی ئینسانەکان ناهێڵێتەوە و تەنانەت لە خەندەقی شەڕ و لە یەکەم چرکە ساتی لە ناو بردنی مرۆڤ و لە دوایین بڕیارە خوێناوییەکانی جەلادەکانی بەردەم خۆشەویستی ، پەیامی " ڤالانتاین " ئارەقەی شەرم دادەبارێنێتە سەریان و پێیان دەڵێت ئێوە شەڕ بکەن و ئێمەش ئیشق ، ئێوە مرۆڤ بکوژن و ئێمەش بۆ لە دایکبوونەوەیەکی نوێ ، ئێوە ناشیرنمان بکەن و ئێمەش گوڵی موحبەت و ژیانتان پێدەبەخشین ، ئێوە رق و کین و ئێمەش سۆز و لێبووردن .

بەڵێ هەر ئەو رۆژە لە هەولێر " ڤالانتاین " نەبوو بە میوانی ئاشقان ، بەڵکو ساتەکانی پێکگەیشتن و خۆشەویستیشیان لێ زەوت کرا .
ئەو رۆژە لە " قەندەهار " ببوورن لە هەولێری دێرین " کۆڕەك تلیکۆم " بوو بە هەوێنی جوداکردنەوەی دڵەکان و کوشتنی ترپە ئاوازی دەنگی ئاشقان .

کۆڕەك جگە لە هەموو رۆژێك لە رۆژی " ڤالانتاین " بەخشی پەیوەندیەکانی وەستاند و نەیانهێشت ئاوازی دەنگی ئاشقان تێکەڵ بەیەك بێت و هەردوو دڵ لە میحرابی خۆشەویستیدا هەناسەکانیان ئاوێتەبن .

کۆڕەك لەو رۆژەدا بەشداربوو لەگەڵ ئەقڵی باوکە دڵ رەقەکان و دەسەڵاتە لێوان لێو لە سیاسەتەکەمان ، کە ئەو جۆرە بیرکردنەوانەیان جگە لە دونیای باوکایەتی و خێڵەکی و سیاسەتە وشکەکەیان چیتر قبوڵ ناکەن . کۆڕەکیش وەك بەشێك لە تەقەنیاتی زانست و مۆدێرنە پرۆژەی خۆی تێکەڵ بەوان کردوو رۆژی " ڤالانتاین"ی بە وەستانی پەیوەندییەکان کردە ساتێکی " ماتەم " بۆ ئاشقان ، کە لەو رۆژەدا ئاشقان نە بەجەستە و نە بەرەنگ و نە بە دەنگ نەیانتوانی ئاوازی دەنگی ئاشقانەیان تێکەڵ بە یەکتر ببێت